# عەبدولکەریم فەتاح

# لای ئێمە ئەگەر دەنگێك یان فیکرێك هەبێت ، لە دەرەوەی زانکۆیە

دیداری سالار مەحمود

**نووسەر و ڕۆشنبیر مامۆستا عەبدولکەریم فەتاح ساڵی (١٩٦٣) لە شارەزوور لە دایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زمانی ئینگلیزیدا، خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ژیار بووە، ئێستا مامۆستایە لە ئامادەی سەیدسادق، سەبارەت بە دۆز و بارودۆخی لاوان و خوێندکاران لڤین ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا سازدا.**

**لڤین: سەرەتا بالەوێوە دەست پێبکەین و بپرسین کە گەنج کێیە و بەکێ دەگوترێت گەنج و هەڵگری کام خاسیەتانەیە؟**



عەبدولکەریم فەتاح: بۆئەوەی قسەکانمان زانستی بێت پێویستە سەرەتا پێناسەیەکی گەنج بکەین، گەنجێتی واتە کرۆك و جەوهەری تەمەن، حەساسترین ئەندام لە لەشی مرۆڤدا مێشك یاخود دڵە، ئەوا گەنج میشك و دڵی کۆمەڵگەیە، گەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش پێناسەی بکەین ئەوا گەنج ئەو توێژە چالاك و ئەکتیف و پڕ لە جۆش و خرۆشەیە کە دەیەوێت گۆڕانکاری دروستبکات بە کەسێکیش دەگوترێت گەنج کە هەڵگری ئەم سیفەتانە بێت، ڕەنگە گەنجمان هەبێت، بەڵام سیفاتی گەنجانەمان نییە، دیارترین سیفاتی گەنج بریتییە لە گیانی گۆڕانکاری و داهێنان، سیفەتێکی دیکەی بریتییە لە بوێری، گەر ڕوداوێك ڕوودەدات ئاساییە بۆ کەسێکی تەمەندار کە نەتوانێت بچێتە پێشەوە، بەڵام بۆ گەنجێك سروشتییە کە پەلامار بدات و بچێتە پیشەوە، لە لایەکی دیکەوە گەنج واتە چالاکی و زیندەکردار.

**لڤین: گەنجی ئێمە تا چەند ئەو سیفەتانەی تێدا ببینرێت؟**

عبدولکەریم فەتاح: گەر لەو خەسڵەتانەوە لەگەنج بڕوانین ئەوا گەنجی ئێمە تەنها وەکو هەیکەلێك دەبینرێت، بەڵام وەکو ڕۆڵ و خاسیەتی گەنجانە هیچ بەدی ناکەین، ئایا گەنجێکی کورد چ گۆڕانکارییەکی بەرهەم هێناوە.

**لڤین: باشە ئەو دۆخە خراپەی کە گەنجی کوردی پێیدا تێپەڕیوە و ئێستاش تێیدا دەژی چی دروستکردووە، چەندی لە خودی گەنج خۆیوەیەتی و چەندی هۆکارە بابەتییەکان خولقاندویانە؟**

عەبدولکەریم فەتاح: هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕوودەدات گەڕاندنەوەی بۆ تەنها هۆکارێك شتێکی زانستی نییە، ئێمە دەبێت هۆکارەکان دابەشبکەین، هەندێکی لە خودی گەنج خۆیوەیەتی و هەندێکی تریشی لە دەزگا و دامەزراوە پەروەردەییەکانی حکومەتدایە، هۆکارێکی تریشی خێزانە، ئەمە جگە لەو کۆمەڵگا زەبەلاحەی کە گەنجی تیا دەژی لە ناو کۆمەڵگەشدا دامەزراوی ئایینی زۆر گرنگە، هەریەك لەمانە کۆمەڵێك شکست دەوری داوە، باباس لە پرۆسەی خوێندن بکەین بە هەرسێ ڕەگەزە سەرەکییەکەیەوە (پەیڕەو و پرۆگرام، قوتابی، مامۆستا) وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیش بە ناڕاستە و خۆ پیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

**لڤین: باشە لەوانەی کە باستکرد کامیان زیاتر کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی ئەو حاڵەتە ناتەندروستەدا کە گەنجی تێکەوتووە؟**

عەبدولکەریم فەتاح: من دەزگا و

دامەزراوە حکومییەکان بە بەرپرسی پلەیەک دەزانم، باسەیری پرۆگرامی خوێندن بکەین، مانای نییە خوێندکارێک لە پێنجی سەرەتاییەوە تا شەشی ئامادەیی وانەی ئینگلیزی دەخوێنێت، کاتێک لە شەش دەردەچێت و دەچێتە زانکۆ ئەوەی نایزانێ ئینگلیزییە. باشە وەزارەتی پەروەردەی ئەم ولاتە بۆ ئەم پرسیارە لە خۆی ناکا، بەرپرسی پلە دووش مامۆستایە، کە ئەمیش خۆی خاوەنی کۆمەڵێک گرفتە و وایکردووە کە نەتوانێت دڵسۆزی تەواو بنوێنێت، گەر مامۆستا بەمانای مامۆستا کەسایەتی زانستی و مەعنەوی بەهێز بێت ئەوکاتە دەبێتە ڕەمز و گۆڕانکاری گەورە دروست دەکات.

ئەمە تەنها سلبییەکانی پرۆسەی خوێندن، من دەڵێم هەموو کۆمەڵگە بەرپرسە لەو شکستەی کە بەسەر گەنجدا هاتووە.

**لڤین: جگە لەو هۆکارە بابەتیانەی کە باستکردن، واهەست ناکەیت خەمساردی و بێباکیەک بەتایبەت لە گەنجی کورددا هەبێت؟**

عەبدولکەریم فەتاح: من باوەڕم بە جەبریەت نییە، جەبریەت بەو مانایەی کە شتێک لەم کائینەدا هەبێت و بەدیهی بێت و قابیلی گۆڕان نەبێت، پێموایە گەنجێکی ئەوروپی، گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی، گەنجێکی ئێرانی و گەنجێکی کورد هەر گەنجە، بەڵام هەریەک لەمانە چەندین کلتوری جیاجیا لە پشتیانەوەیە، ئەمانە لەناو چەندین کۆمەڵگەی جیادا دەژین لەناوچەندین دامەزراوەی پەروەردەی جیاجیادا دەژین و پەروەردە دەبن، هەر ئەو منداڵەی ئێمە کەسبەی وای لێ دێت تەعدا لە مامۆستاکەی بکات یاخود چەقۆی لێبدات، هەر ئەو منداڵە بگوێزرەوە کۆمەڵگەیەکی تر کە دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەکو ئێرە نەبێت، من وادەزانم مرۆڤێکی تر دەردەچێت، باوەڕم وانیە کە شکستەکە لە زاتی گەنجدا بێت، ئەحمەد شەوقی لە شیعرێکدا دەڵێت"ئەو بولبولانەی کە کوندە پەپوو پەروەردەی کردن کوندە پەپوو خۆی گۆشت دەخوات، گۆشتیشی دەرخواردی بولبولەکان دەدا، هەربۆیە بولبولەکان دەمیان بۆگەن بوو"

ئەم جیلەش کە ئەمڕۆ دەبینرێت دیاری دەستی دەستەڵاتی کوردییە.

**لڤین: ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران کە بەناو بۆ خزمەتی توێژەکەیان درووست بوونە، چەندە خزمەتیان بەلاو کردووە، یاخود تاچەند توانیویانە لاوێکی هەستیار و بە هەڵوێست دروست بکەن، یان بە پێچەوانەوە ئەمانە تاچەند کوژەری ئیرادە و ڕۆحی لاوان بوونە؟**

عەبدولکەریم فەتاح: من پرسیارەکەی تۆ بەم شێوەیە ئاراستە دەکەم، ڕێکخراومان هەیە لە کوردستان مێژووەکەی بۆ (٥٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، هەیە بۆ (٣٠) ساڵ و هەیە بۆ (١٥) ساڵ، باشە ئەو ڕێکخراوەی کەتەمەنی پەنجا ساڵە چی گۆڕانێکی لەو گەنجەدا بەرهەم هێنا کە لە پێشەوە باسمانکرد، ئەوەی کە شانازی بە پەنجا ساڵەوە دەکات کێی بەرهەم هێناوە، ڕەنگە قسەکانم ڕەشبینی لێ بەدی بکرێت، بەڵام پێم خۆشبوو کە گەشبین بوومایە و ئەو ڕێکخراوانەش ڕێکخراوی تر بوونایە ئەو ڕێکخراوانە گەنجان و لاوان ڕاو دەکەن بۆ حیزبەکان، ئەمانە کۆمەڵێک کادیری حیزبی خۆیان سەپاندووە بەسەریاندا و ڕۆژانە تەوجیهی حیزبی وردەگرن و دەیگوێزنەوە بۆ لاوان و خوێندکاران، یەک ڕێکخراوم بۆ بێنە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەربەستانە بڕیارێکی دابێت پێچەوانەی بڕیار و ئیرادەی حیزبەکەی، هەموو ڕێکخراوەکان درێژکراوەی حیزبن، ڕێکخراوێکم نەدی تەنها جارێک کۆمەڵێک گەنج دابەزێنێتە سەرشەقام و پێچەوانەی دەستەڵات و حیزب هاوار بکەن، حیزبی سیاسی و دەستەڵاتی کوردی دابەش دەبێت، ڕێکخراوەکانیش دەبێت دابەش ببن، لە سلێمانی مەرجەعێک هەبوو، لە هەولێر مەرجەعێک هەبوو، بە کورتی ئەم ڕێکخراوانە ئیرادەیان کۆت و پەیوەندکراوە.

**لڤین: چۆن ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی خۆیان بگێڕن و خزمەت بکەن؟**

عەبدولکەریم فەتاح: دەبێت هەماهەنگی تەواویان لە نێواندا هەبێت و بەڵگەنامەیەک لە نێوان خۆیاندا مۆر بکەن کە بڕگەکانی پێکهاتبێت لە خەون و بەرژەوەندییەکانی گەنج، میساقێکی شەرەف هەبێت کە هەرکاتێک بەرژەوەندی گەنج بەرامبەر بەرژەوەندی دەسەڵات و حیزب وەستایەوە هەمیشە بەرژەوەندی گەنجی ئەم ولاتە پێش بخرێت، دەبێت خاڵێکی تر لە و میساقی شەرەفەدا هەبێت کە هەرکاتێک کارێکی نادروست و ناعەدالەتیەک بینرا کە پەیوەندی بە چارەنووسی میللەت و گەلەوە هەبێت ئەوا ئەبێت تەواوی ڕێکخراوەکان ئەندامەکانیان بڕژێننەسەر جادە.

**لڤین: لێرە و لەوێ دەنگۆی دروستبوونی دەستە و گروپی سەربەخۆ و ئازاد دەبیسترێت، تۆوا هەست دەکەیت کە شتێک بەڕێوەبێت؟**

عەبدولکەریم فەتاح: ئەو واقیعە تاڵەی کە دروستکراوە بۆ گەنج دەتوانرێت بگۆڕدرێت، لەو ڕێکخراوانەدا کە باسمان کردن خەڵکانێک هەن کە پڕ بەدڵ دەیانەوێت خزمەت بکەن، گەر ئەو گەنجانە، گەر ئەو دەنگانە هاوکاری و تەباییەک لە نێوانیاندا هەبێت ئەوا دەتوانن گۆڕانکاری بکەن، دەبێت بەر لەوەش کە بیانەوێت گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی کوردیدا بکەن، دەبێت لە ناو خۆیاندا گۆڕانکاری بکەن.

**لڤین: باشە ئەو دەنگ و ڕەنگانەی کە بە**

**جدی دەیانەوێت لەناو ڕێکخراوەکاندا خزمەت بکەن بۆ هەتا ئێستاش دەرنەکەوتوون و کارێکی ئەو تۆیان نەکردووە؟**

عەبدولکەریم فەتاح: دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە دەسەڵات و حیزب میکانیزمی ڕاوکردن و کپکردنی تایبەت بە خۆیان هەیە، میکانیزمەکانیش هێندە زۆرن کە نایەڵن ئەو دەنگانە بچنە پاڵ یەك و یەك بگرن

حیزبی سیاسی کوردی هەمیشە دەنگە گۆڕان خوازەکانی پەرت کردووە بۆ ئەوەی نەچنە پاڵ یەك و سەدایەك دروست نەکەن، من بانگەشە بۆ ئەوە ناکەم کە لاوان و خوێندکاران لە حیزب و ڕێکخراوەکان بێنە دەرێ، بەڵام دەڵێم دەبێت گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەن و دونیابینی خۆیان بگۆڕن، دەبێت ئەو ڕێکخراوانە هەمیشە هێزی فشاربن بۆسەر دەسەڵات، چونکە گەر ڕەخنە نەبێت، گەر فشار نەبێت ئەوا دەسەڵات واهەست دەکات هەمیشە کاری باشی کردووە.

**لڤین: پرۆسەی ئازادی عێراق گۆڕانکاری لە زۆرشتدا دروستکرد، ئایا بارودۆخی لاوان چ گۆڕانکارییەکی بەسەرداهات، یاخود ئەو پرۆسەیە چ کاریگەریەکی لەسەر لاوی کورد هەبوو؟**

عەبدولکەریم فەتاح: هەمیشە گۆڕانکاری سیاسی گۆڕانی فەرهەنگی گەورەی لێدەکەوێتەوە و کۆمەڵگە بە ئاقارێکی تردا دەبات، ڕووخانی حکومەتی مەرکەزی ئەو قەڵایانەی ڕووخاند کە لەبەردەم عێراقییەکاندا هەبوو بە ڕووی دوونیادا، ئەمەش کرانەوەیەکی لای گەنجی کورد بەڕووی دونیادا دروستکرد، من دەمەوێت باس لە عەولەمە بکەم بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە کە گەنجی ئێمەی بێ ئینتما کردووە، جاران خۆشەویستی خاك گۆڕانی لە گەنجا دروستدەکرد و گەنجیش گۆڕانی لە واقیعدا دروستکرد، خۆشەویستی خاك، خۆشەویستی خوا گۆڕانیان لە گەنجا دروستدەکرد، عەولەمە خۆشەویستی بۆ ئەمانە کاڵ دەکاتەوە، عەولەمە ئینتمای لە مرۆڤ سەندەوە و نەیشی توانی مرۆڤ بکاتە هاوڵاتییەکی گەردوونی، واتە ئینتماکەی گەورە نەکردووە لە خۆشەویستی خاکێکەوە بۆ خۆشەویستی هەموو دوونیا یان لە خۆشەویستی ئاینێکی دیاریکراووە بۆ هەموو بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی.



**لڤین: زانکۆ وەکو گەورەترین دەزگای مەعریفی کە گۆڕانکارییەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن و تاکەکانی نێو ئەو کایەش گەنجانن لە ئاستێکی باڵای زانستیدا، دیسان لێرەشەوە هیچ گۆڕانکارییەك بەدی ناکەین؟**

عەبولکەریم فەتاح: زانکۆ لە خۆرئاوادا فیکر و مەعریفە بەرهەم دێنێت، موفەکیرەکان لەوێ زانکۆ بەرهەمی هێناون لای ئێمە گەر دەنگێك یاخود فکرێك هەبێت کە بیەوێت گۆڕان دروست بکات ئەوا لە زانکۆدا نییە، بەڵکو زانکۆ گۆڕاوە بۆ دەزگایەکی تەقلیدی و موحافیزکار، بە جۆرێك کە مامۆستایانی زانکۆ پێویستیان بەگۆڕان هەیە، لە خودی خۆیاندا دەبێت خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، نەك ڕۆشنبیری بەرهەم بێنن، موفەکیرێکی خۆرئاوایی بێنە کە لەناو زانکۆدا هەڵنەقولابێت، کەسێکی وەکو (بەختیار عەلی) بە نموونە دێنمەوە، تا ئەمڕۆش ئەکادیمیای کوردی و زانکۆی کوری دان نانێت بەوەدا کە مرۆڤێك هەیە لە دەرەوەی زانکۆ دەتوانێت ڕۆشنبیرییەك یان ئەدەبێك بەرهەم بێنێت، تا ئەمڕۆش ڕەنگە زانکۆکان ئامادەییان نەبێت کۆڕێکی بۆ بگرن. لەناو زانکۆدا گەنجانێك دەبینم کە دەیانەوێت گۆڕانێك بکەن، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێك گۆبەند و گرفتیان بۆ دروست دەکرێت بە جۆرێك بچنەوە ژێر ئەو دەسەڵاتە موحافیزکارەی کە خۆی بەسەر زانکۆدا سەپاندووە.